وەزارەتی بازرگانی هەڕەشەی دەستکاریکردنی نرخی خۆراك دەکات



ئەمە چوارشەممە، وەزارەتی بازرگانی هەڕەشەی لێو کەسانە کرد کە دەستکاری نرخی خۆراك دەکەن بە هۆشوونی ڕێگری.

وەزارەتەکە لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: تیمەکانی چاودێریکردن لە فەرمانگەی چاودێری بازرگانی و دارایی لە وەزارەتی بازرگانی لە بەغداد و سەرجەم پارێزگاکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تاوانی ئابووری، هەمەتی چاودێری چڕیان ئەنجامدا بۆ چاودێریکردنی نرخی خۆراك لە بازاڕە ناوخۆییەکان.

بەپێی بەیاننامەکە، بەڕێوەبەری فەرمانگەکە ئیاز مەهدی موسەوی، ڕایگەیاند: لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی وەزیری بازرگانیدا، ئەو تیمانە سەردانیکیان بۆ ژمارەیەك بازاڕی ناوخۆیی لەهەردووو بەری کەرخ و ڕەسافە لە بەغدا و سەرجەم پارێزگاکان ئەنجامدا و ئاگادارکرانەوە لە واقیعی نرخی خۆراك.

ئاماژەی بۆشکرد: تیمەکانی سەرپەرشتیاری مەودای گەشتە مەیدانییەکانیان لە سەرتاسەری پارێزگاکان فراوانتر دەکەن بۆ مەبەستی چاودێریکردنی جووڵەی بازاڕەکان و نرخی خۆراك، هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، لە هەمان کاتدا وەرگرتنی هۆشوونی ڕێگری لە دژی

دستکاریکران و به هماهنگی لگ خزمتگوزاریی ئمنییی تایبتکان